# ڕاستی عەلی بۆچی یەخەی سەلاحی گەرمیان ئەگرێ؟

کاک ڕاستی عەلی ، ناسراو بە کاک عامر ، لە یەکەمین نۆبەرەی نوسینیا ، لەو هەموو دنیا جەنجاڵ و پڕلە کێشمەکێشەیا هاتوە یەخەی کاک سەلاحی گەرمیانی گرتووە، بەدبەختی کۆمۆنیزم لەوەدایە کۆمۆنیزمی کرێکاریی ئیدعای کۆمۆنیست بوون ئەکات، لەکاتێکدا کۆمۆنیست و چەپەکانی کوردستان و تێکۆشەرانی سۆشیالیستی لەکوردستان لەم بیرکردنە ئاسمانییەی ئێوەوە دوورە .

بەڵای برادەرانی حککع ئەوەیە ، هەرچی هەڵدەستێ و دەست دەداتە قەڵەم تیایاندا خۆی لێ دەبێ بەکەڵە نووسەر، ئەو نووسینەی کاک عامر جگە لە ڕق وکینەو بوغز بەرامبەر کاک سەلاحی گەرمیان ، شتێکی تر نییە، من کاک سەلاح لە نووسینەکانییەوە ، لە سیمینارەکانییەوە دەناسم لە ڕێکخراوی چاک ەوە ،بەڕاستی ئەوەی عامر نوسیویەتی جگە لە جنێونامە ، جگە لە سوکایەتی نامە، جگە لە شکاندن نامە، جگە لە لێدانی کەسایەتی کاک سەلاحی گەرمیان زیاتر هیچ ناوێکی تر هەڵناگرێ، بەئاشکرا کاک عامر ، پێوەی دیارە کە ڕقی لە کاک سەلاحە و قسە کەفوکوڵاوییەکانی هیچ پەیوەندییەکی بە سیاسەتەوە نییە.

ئەوەتا کاک عامر فەلتەیەکی سیاسیی گەورەشی داوەو هەموو عەرەب بەفاشیست دادەنێ، چونکە شارەزایی لەنووسیندا نییە و ڕستەو دەربڕینەکانی بۆ گرد ناکرێتەوە ، هەڵەی ئاوا زەقیش دەکات . لەکاتێکدا ، برادەرانی حککع دیفاعی سەرسەخت لە دەهەزارییەکانی تەعریب و بەعسییەکانی کەرکوک دەکەن کە نابێ لە کەرکوک بگەڕێنرێنەوەو دەڵێن قەدەغەیە !. کەچی کاک عامریش لە ناشارەزاییەوە بێت یان لە پەلەکرۆزێ بوونەوە بێت ، هەموو عەرەبەکانی بەغداد بە فاشیست لەقەڵەم دەدات، بە دەق دەڵێ ( عەرەبە فاشیستەکان لەبەغداد ) . ئەم فاشیست ، فاشیستە کە ئەمان بەکاری دەبەن ، زیاتر لەو ڕەد فیعلەوەیە کە زۆربەی گەلی کورد بەوان دەڵێن بیروبۆچوونی فاشیستانەو شۆڤینستیانەیان هەیە ، بەتایبەت پاش سووکایەتی کردنەکانی حەمیدی تەقوایی و فاتیحی شێخ و ڕێبوار ئەحمەد و شەماڵ و نەشمیل بە کولتوور و مێژووی کورد و سەرکردەکانی کورد بەمردوو زیندوویەو بە ئاڵای کوردستان و ....هتد

برادەرانی حککع ، دەڵێی ناوبەناو قەڵەمبەدەست دروست دەکەن، پرۆڤەیان پێ دەکەن لەبواری نووسینا ، ئەگەر کاک عامر ئەمە نۆبەرەی نووسینی بێت ، باشتر وایە کە بزانێ نووسین ئەمانەتەو قسەکردن و سوکایەتیکردن و جنێوبەخشینەوەی پاڵتاک نییە . برادەرانی حککع هەرچی هەڵدەستێ تیایاندا دەست دەداتە قەڵەم و دەبنە نووسەرێکی تەواو عەیار، باکیان لەوە نییە قەڵەم دەکەن بەچاوی کێدا و بۆ چیی بەکاری دەبەن، گرنگ ئەوەیە بنووسی ،من پێم وایە ئەو حیزبە ئەزمەی کادیرو قەڵەم بەدەستی هەیە ، بۆیە کاک عامر بۆتە نووسەر و قەڵەم بەدەستیان.

بەداخەوە کاک عامر بۆ دەستەوادانەوەی حککع ، بەکاری دەهێنن دژی کەسوکارەکەی خۆی ، بە شێوەیەکیش دەدوێ ، مەگەر هەر لەخۆی بێت ، ئاخر خۆ ئیسلامییە سەلەفییەکانیش هەروایان دەکرد و ئامادەبوون باوک و براو ئامۆزای خۆیان بکوژن لەپێناوی عەقیدەکەی خۆیدا... ئەوەی حککع بە کاک عامری کرد دژێ کەسی خۆی لە پاڵتاکدا لەژووری کوردستان یونایتددا ڕۆژی 27-12 و بەو شێوازە بەرزو مۆدێرن و ئینسانییە ئاخافت ، کارێک بوو لە کارەکانی ڕژێم دەچوو کە پاکانەی بە نەیارەکانی ڕژێم پڕدەکردەوە ، ،بەداخەوە عامر پاکانەی پێ پڕکرایەو لەلایەن حیزبەکەیەوە دژی کەسوکارەکەی خۆی. مەعلومیشە چی لەپشتی ئەو تراژیدیایانەو موعاناتانەوە هەیە کە کاک عامر بەتەلەفۆنێ ، دەهێننە سەر پاڵتاک و هەرچی بەدەمیا بێت نایگێڕێتەوە.

من پێم وایە هەرکەسێک قسە لەسیاسەت بکات، ئەگەر لە ناو براکان و خوشکەکان و دایک و باوکی خۆیەوە، ئەگەر لەناو ئامۆزاکان و پورزاکان و خاڵۆزاکانیدا ، نەیتوانی سەرنجی یەک تاقە نەفەر ڕاکێشێ نەک بۆ سیاسەت و حیزبەکەی ، بەڵکو بۆ کەسایەتی خۆیشی ، کەمتەرخەم دەبێ ، ئەوسا چ دڵێکم پێی خۆش بێت تا بتوانێ جێ پەنجەی بە دنیاوە دیار بێت و تا شایەدمانێکی بەحەقیی بدەمێ.

بەڕاستیی کاک ڕاستی عەلی ئایا سەلاحی گەرمیان بەشوێن ناو پەیداکردنەوەیە، یان تۆ دەتەوێ ناو پەیدا بکەی بەم نۆبەرە قشت و قنجەت. ئاخر تۆیچ بووگی بەنووسەر ، بەو زمانە شکاو و کوردییە پوختەتەوە. خۆزیا برادەرانی حککع وازیان لە سووکایەتی کردن و جنێودان و ناسنامەبەخشینەوە دەهێنا و پەندێکیان لەو هەموو کارەساتە دەهێنا بەسەریاندا هات لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا لەپاڵتاک و لەناو هەزاران کۆڕو کۆمەڵدا، ئایا برادەرانی ئەوحیزبە بۆ یەک جاریش بێت ، نابێت تەتەڵەی ئەو باشی و خراپانە بکەن لە ماوەیەکدا تۆماریان کردووە. کاک عامر دێت چۆنی پێ خۆشە جنێو دەدات ، هەرچی لەسکیدا بێت هەڵی دەهێنێتەوە، بەڵام دوایی لەژوورەکە هەڵدێ، چونکە مەوقیفی سیاسیی زەعیفە بۆیە ڕادەکات و گوێ بۆ وەڵامەکانیش ناگرێ، بەڵام لەڕاستیدا ،هەر یەکسەر بەناوێکی ترەوە دێتەوەو لە گۆشەیەکدا قنج دادەنیشێ بەناوێکی ترەوە.

ئاخر کۆمیتە ناوەندی کام حیزب دێت و ئاوا بە ئاسانی و وەکو کاک موزەفەر عەبدوڵا بەشێوەی ڕەئیس عەشرەتێک لە دیوەخانێکدا دادەنیشێ و بەقوربان و بەساقە دەست پێ دەکات ، کە تینیشی پێ دەگات وەکو ئاوخواردنەوە بوختان دەبەخشێتەوەو درۆ بەدەمی خەڵکەوە دەکات، درۆ بەدەمی ژنەوە دەکات کە خۆیان لەژیاندا ماون و نەمردوون،کە بەدرۆش دەخرێنەوە سەریان کز دەکەن ، بۆ پینەکردنی کەلەبەرەکانی خۆیان پەنا بۆهەموو شتێکی هەڵبەستراو دەبەن ، ئاخۆ تاکەی کۆمۆنیستە کرێکارییەکان واز لەو هەموو جنێو و قسەناسیاسییانە ناهێنن ، تاکەی لەهەموو شوێنک ئەو هەموو بارقوورسییە دەدەنە بەرشانی کۆمۆنیستەکان و ناوی کۆمۆنیزمیش بەدناو دەکەن ، وەکو ئەوەی کۆمیتە ناوەندی و کادیرە پێشکەوتووەکانی ئەو حیزبە دەیکەن و سووکایەتی بە هەموو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد و قوربانییەکانی ئەم گەلە ستەمدیدە دەکەن.

**هەلۆ عەزیز**
**خوشکەزای عامر سابیر( ڕاستی عەلی )**
**یۆنان- ئەسینا**
**تەلەفۆن 0306993997722**
**ئیمەیڵ**
halloaziz@hotmial.com